وەزارەتی ئاودانکردنەوە دروستکردنی 4 پردی بەتەکنەلۆژیای سەردەمیانە راگەیاند

ئەمە یەکشەممە،وەزارەتی ئاودانکردنەوە و نیشتەجێکردن خواستی خۆی لەسەر دروستکردنی 4 پرد بە تایبەتمەندی و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژە بە ژمارەی تونەلەکان دەکات لە چوارچێوەی یەکەم پاکێجی پڕۆژەکاندا بە نەهێشتنی قەرەباڵغی هاتوچۆ.

"حسێن جاسم کازم"بەڕێوبەری گشتی بەشی ڕێگاوبان و پردەکان لە وەزارەت ڕاگەیاند: پرسی دیاریکردنی پڕۆژەکان لەسەر بنەمای کاری هاتوچۆ و کامەرای چاودێریە، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پڕۆژەکە چییە ، جا پرد بێت یان تونەل،جگە لە بوونی ڕێگری، کە هەندێک ڕێگری ناتوانرێت لابببرێن،وەک بەشی ئاوەڵەی قورس و بەری ئاو و هەی ئاسن یاخود بەشی نەوت. ووتیشی :-لە چوارچێوەی پاکێجی ئەستای پڕۆژەکان بە ئەنجامدان لە قەرەباڵغی و جێنجایی،زیاتر لە 8 تونەل و 3 پرد 2 یەکتربین لە چوارەیانی سەرباگەی ڕەشید و یەکێک لە ڕەستەمیە لە چوارەیانی محەمەد قاسم لەگەڵ کەناڵی سوپا، جگە لە تونەلەکی دی لە گەڕەپانی حسێنین لە ناوچەی کەرادەی لە دەرەوەی بە پردی هەواسراو، هەروەها چێندین تونەل و ژێر پرد لەناو پڕۆژەکانی پاکێجی دووەمدا هەیە ئێگەر تەرخانکردنی پارە هەبێت بێ. ئاماژەی بەوەشکرد:- لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا 4 پرد بە تایبەتمەندی و تەکنەلۆجیای سەردەمیانە بە یەکەمجار لەسەر ئاستی عێراق دروستدەکرێن. ڕاشیگەیاند :-کە لەماوەی 100 ساڵدا تەنها

13 پرد دروستکراوند،بەهەش کەی ژمارەی پردەکانی بەغدا 17 پردن.